چل ودوو کاندیدی دیکە لە لیستی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دوورخرانەوە.

کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق دەڵێت، ٤٢ کاندیدی دیکە لە لیستی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دوورخرانەوە.

ئەمە دووشەممە ٢٥ـی ئابی ٢٠٢٥، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق باڵاویکردەوە، لە پرۆسەی پەداچوونەوە بە کاندیدەکانی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، ٤٢ کاندیدی نوێی لە لیستی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دوورخستەوە، بەو هۆکارەی کە شایستەی بوون بە کاندید نەبوون.

ئەمەش لەکاتێکدایە، کۆمسیۆن پێشتر رایگەیاندبوو، هەر کاندیدێک پێشینەیەکی خراپی هەبێت، ئەوا لە هەڵبژاردنەکان دووردەخرێتەوە و زیاتر لە ٦٧٠ کاندیدی بەو هۆکارەی جیاواز دوورخستەوە کە زیاتر لە ١٠٠ کاندیدیان دەسیەی تاوانکاریان هەبووە.